**يوسف محمد صادق**
**ســەرۆكی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**بــڕیــار**
**ژمارە ( 5 )ی ساڵی 2014**

**پشت بە حوكمی برگەی (2) لە ماددەی (43) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو ، و هەردوو ماددەی (33 و 35) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە ( 1)ی ساڵی 1992 هەمواركراو ، پەرلەمانی كوردستان ، لە دانیشتنی ژمارە (2) رۆژی 2014/5/7 یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا :-**

**یەكەم : قبووڵكردنی وازهێنانی (ارسلان بایز اسماعیل) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**دووەم : ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە 2014/5/7 ەوە جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی ( وەقایعی كوردستان ) دا بلاّودەكرێتەوە .**

**يوسف محمد صادق**
**ســەرۆكى پەرلەمانى كوردستـان - عێراق**

**بەنـاوى خوداى بەخشندە و ميهرەبـان**

**بەنـاوى گەلەوە**
**پەرلەمانى كوردستـان – عێراق**

**بــڕيــار**
**ژمارە** ( 6 )**ى سالَى** 2014

**پشت بەحوكمەكانى بڕگەى (3)ى ماددەى (56) لە ياساى هەڵبژاردنى پەرلەمانى كوردستان - عێراق**
**ژمارە (1)ى ساڵى 1992ى هەمواركراو و ، بڕگەى (12) دوازدەمى ماددەى (10) دەيەمى ياساى ياساى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان – عێراق ژمارە (1)ى ساڵى 2005 ، پەرلەمانى كوردستان لە دانشتنى ئاسايى ژمارە (5) ى رۆژى 2014/5/20 ئەم بڕيارەى خوارەوەى دا:**

**يەكەم : ناونانى رێزدار ( نێچرڤان ادريس مصطفى بارزانى ) وەك پاڵێوراو بۆ سەرۆكى ئەنجومەنى وەزيرانى هەرێمى كوردستان – عێراق .**

**دووەم : ناونانى رێزدار (قوباد جەلال تاڵەبانى ) وەك پاڵێوراو بۆ جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى وەزيرانى هەرێمى كوردستان – عێراق .**